## سەڵاح مەزن نوێنەری چاک لە کوردستان دوای بەشدار لە کۆنفرانسی عەمان:

# هەرچی لە توانامانداهەبێ، بۆ خزمەتکردنی پرسی ئەنفال و قوربانیانی گەلەکەمان و خزم و کەس و کارەکانیان بەکاری دێنین





**سەڵاح مەزن وەک نوێنەری کوردستان، بەئەندامی لیژنەی بەدواداچوون (ڕاپەڕاندن)ی سەنتەری ونبوان و بێسەروشوێنکراوانی عێراق، دەست نیشانکرا**

**ساسان دەرویش-هۆڵەندا-** ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٠٥ کۆبوونەوەکانی عەمان، بە ژمارەیەک بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگ کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا، دیارترینیان دامەزراندنی (سەنتەری ونبوان و بێسەروشوێنکراوانی عێراقی) و هەروەها چۆنیەتی بەشداری پێکردنی کەس و کاری ونبوان و ئەنفالکراوانی گەلی کوردستان بوو، کە بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەشی مافی مرۆڤ UNAMI و بەرنامەی پەرەپێدانی UN و وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق لە ڕۆژانی ٢٥ تا ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٠٥ لە ئوردن بەڕێوەچوو. دوای چوار ڕۆژ کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن توانرا لە کۆتاییدا بڕیار لە سەر پێکهاتەی سەنتەرەکە و یاسای بنەڕەتی بدرێ، پاشان ئەنجومەنێکی گواستنەوە و بەدواداچوون لە نوێنەرانی ٨ ڕێکخراو و کۆمەڵە بێتە هەڵبژاردن کە ٢ نوێنەری کوردستانی تێدایە ناوەندی هەڵەبجە لە ئەنجومەنەکە و لە نووسینگەی سەنتەرەکە بەشداردەکات، جگە لە نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان، بەڕێز "سەڵاح مەزن"یش وەک نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە (چاک) کە بەشداری لە کاروبارەکانی ئەو کۆبوونەوانە کردبوو ،بە باشمان زانی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ساز بکەین، لە دوای گفتوگۆکردنمان لە سەر بابەتەکان و ناردنی پرسیارەکانمان بۆ جەنابی و وەرگرتنەوەی لە ڕێگای نامەی ئەلکترۆنی ئەم زانیاریانەمان دەست کەوت:

**پ: دەتوانن پێمان بڵێن ئێوە چۆن لەو کۆبوونەوانە(کۆنفرانس)ی عەمان پایتەختی ئوردون بەشداربوون؟**

**و:** دوای دیدار و کۆبوونەوەی ناوەندەکەمان لە کوردستان لەگەڵ بەرپرسی بەشی مافی مرۆڤ لە نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق UNAMI و پێزانینی بەڕێزیان بە کار و چالاکیەکانی ناوەندی هەڵەبجە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، بۆ ناساندنی ڕای گشتی نێونەتەوەیی بەدڕندەیی تاوانەکانی ڕژێمی گۆڕ بە گۆڕی سەدام حوسێن بە تایبەتیش کارەساتەکانی هەڵەبجە،ئەنفال و مەینەتیەکانی گەلەکەمان هەروا داکۆکیکردنی ناوەندەکەمان شان بەشانی گشت ڕێکخراو کۆمەڵە و دڵسۆزان لە کەس وکاری قوربانیەکان و داواکاریمان بۆ دادگایی تاوانباران و قەرەبوکردنی خێزان وکەس وکاری قوربانیان وباشترکردنی باری ژیان و گوزەرانیان کە لە وپێناوەشدا بەکردەوە لە روانگەیەکی مرۆیی و نیشتمانی کار و چالاکیمان کردووە و بێلایەنانە هەڵسوکەوتمان کردووە، هەربۆ ئەو ئامانجە پیرۆزانە ڕۆڵی بەر چاومان گێڕا لەپێکهێنانی فیدراسیۆنی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی ئەنفال و کیمیاباران بە نێوی فیدراسیۆنی داکۆکی لەگەلی کوردستان، هەروا دۆسیەی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئەنرات و... تا دیارە هەموو ئەو شتانە بوونە جێگای گرنگیدانی جۆن باتیشی بەرپرسی یۆنامی کە من وەک نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە بۆ کۆبوونەوەکانی عەمان بانگهێشت بکات، کەوا لە ڕۆژانی ٢٥ تا ٢٨ ی ئەیلەلی ٢٠٠٥ لەئۆردن بەڕێوەچوو.

**پ: ئەی باشەئاکامی کۆبوونەوەکانبەچی گەیشتن؟**

**و:** دوای چوار ڕۆژ کۆبوونەوەی بەردەوام کەتێدا نوێنەری ٩٢ ڕێکخراو و کۆمەڵەی ناحکومی وڕێکخراوی NGO و ئاژانسەکانی UN لە وڵاتانی جیاجیا بانگهێشت کرابوون توانرا ڕەشنووسی پڕۆژەی دامەزراندنی (سەنتەری ونبوان و بێسەروشوێنکراوانی عێراق) و پێکهاتە و بەشەکانی ئەو سەنتەرە بڕیاریان لە سەربدرێ و، یاسای بنەڕەتی سەنتەر دابڕێژرێ، ئەمجار میکانیزمی چۆنیەتی بەشداریکردنی خێزان وکەس و کاری قوربانیان و ڕۆڵیان لە هەڵسوڕاندنی ئەو سەنتەرە دیاری کرا، کە لەلایەن UN زۆربایەخ بەو لایەنە دراو ئەوەش ئامانجی سەرەکی ناوەندەکەی ئێمە بوو.

**پ: لەبەر چی؟**

**و:** لەبەر ئەوەی گەلی کوردستانمان بە حکومەت وحیزبەکانی کوردستان و ڕای گشتی توانیویەتی سوودێکی باش لە پرسی ئەنفال، کیمیاباران و مەینەتیەکان وەربگرێ و لە سەرئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، دەسکەوتی گەورەی بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لێ بێتەبەرهەم. ئەو پرسە مرۆییە گەورەیە زیاتر وەک مەسەلەیەکی سیاسی تراژیدیا ئامێز و ڕۆژ بینراوە، وا دەخوازێ گریان و نوزانەوە بۆ مەرگەساتی مەینەتیەکان بەس بێ !! با بزانین بەکردە وە چیمان پێ دەکرێ بۆ قوربانیانی ئەوکارەسات ومەینەتیانە و خێزان و کەس وکاری قوربانییەکان و چۆنیەتی خزمەت کردنیان، چونکە بە هۆی ئەو پرسە مەزن و پیرۆزانە دەسکەوتی گەورەی سیاسی دبلۆماسی و ئابووری زۆر وەدەست هێنراوە، بەڵام کەمتر خزمەتی دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و کەس وکاری قوربانییەکانی پێکراوە کە لە نێومەینەتی و گوزەرانی خراپی دەژین و لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی ڕۆژانە و ژیانی ڕۆژانە بێبەش کراون !!!!

**پ: باشە چۆن ئێوە لەو کۆبوونەوانە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن و دەستەکانی دیکە هەڵبژێردران؟**

**و:** دوای ئەوەی لەتەوەرەکانی کۆنفرانس وگفتوگۆکان بەشداری

**بۆ لاپەڕەی ٨**

**درێژەی ..هەرچی لە تواناماندا هەبێ...**

بەرچاومان هەبوو،بەپێشنیاروڕێنمایی واقیع بینانەبەڵگەنامەکانی کۆبوونەوەکانمان دەوڵەمەندکرد،من وەک نوێنەری ناوەندی هەڵەبجەوخاتوجوان نوێنەری ڕێکخراوی ژیان بۆژنانی ئەنفال بۆئەندامێتی ئەنجومەنی گشتی هەڵبژێردراین ،پاشان من وەک نوێنەری کوردستان بەئەندامی لیژنەی بەدواداچوون (ڕاپەڕاندن)ی سەنتەرەکەدەست نیشانکرام شایانی گوتنە کەوا نوێنەرانی UNAMI و UNDP ئاژانسی ونبوانی نێونەتەوەیی UN لە کۆسۆفۆ و وڵاتانی پارە بەخش و نوێنەرانی مافی مرۆڤی عێراق وکوردستان لەو ئەنجومەن و لیژنە جیاجیاکان بەشداری دەکەن.

**پ: دوا وتەتان چیە؟**

**و:** هەرچی لەتواناماندا هەبێ، بۆ خزمەتکردنی پرسی ئەنفال و قوربانیانی گەلەکەمان وخزم و کەس و کارەکانیان بەکاری دێنین. هەوڵ دەدەین هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی لەگەڵ گشت ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی دیکە بە تایبەتیش ئەندامانی فدراسیۆنی داکۆکی لەگەلی کوردستان، هەروا وەزارەت و دامەزراوەکانی وەک وەزارەتی مافی مرۆڤ و .....تاد ،ئەنجام بدەین. دواجار ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بکەین کەوا کەس وکار و ڕۆڵەکانی قوربانیانی گەلەکەمان ئامادە بکرێن وهۆشیار بکرێنەوە بە گرنگی کار و ئامانجەکانی ئەو سەنتەرە، کە دەسکەوتێکی گەورەی مرۆیی و نیشتیمانییە، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو کۆرسانەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ڕێک دەخرێن. بۆیە داواکارین لە هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان و مرۆڤ دۆستان هاوکاری وپشتیوانیمان لێ بکەن لە کۆتایشدا، سوپاس بۆ هاوکارانت لە ڕۆژنامەی پەیامی کورد لە ئەوروپا ■■■